کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
10-9-2007 20:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تکایە ڕووداوەکان چەواشە مەکەن ... کۆمیتەی کەمپەینی نارەزایی

وەك هەموو لایەك ئاگادارە کەمپەینی ناڕەزایی بە دژی تۆپبارانی تورکیاو ئیران بۆ سەر هەرێمی کوردستان دوای ئەوەی ماوەی چەند ڕۆژێك بوو ئاگاداریمان بڵاوکردبۆوەوە، ئەمڕۆ کاتژمێر 9 سەرلەبەیانی هەروەك بڕیار وابوو لەدەروازەی شارۆچکەی عەنکاوە وویستمان ڕێپێوان بۆ بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان سازبدەین، بەڵام هێزەکانی ئاسایش ڕێگەیان پێنەداین ووتیان تەنها دەتوانن بچنە بەردەم پەرلەمانی کوردستان.

ئەوەبوو دەستەی کەپەین بەباشی زانی بۆئەوەی پەیامێکی مرۆڤانە بگەیەنیین رازیبووین بچینە بەردەم پەرلەمانی کوردستان. جێگای وەبیرهێنانەوەیە ئێمە پێشتر مۆڵەتمان لە وەزارەتی ناوەخۆ وەرگرتبوو و لەسەر داواکارییەکە ڕوونمان کردبۆوە کە دەچینە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان دوای ئەوەی سەرۆکی فدراسیۆنی ڕێکخراوە خوێندکاری و قوتابیەکان بەرەڤان حەمدی ووتارێکی کورتی دا، ووتەبێژی دەستەی کەپەین دەقی ئەو یاداشتنامەیەی خوێندەوە کە بڕیاربوو پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت.

کارەکە تائێرە تاڕدەیەك بەباشی بەڕیوەچوو بەڵام ئەمشەو ئێمە وەکو کۆمیتەی کەمپەین سەرمان سوڕما کاتێك بینیمان هەندێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەواڵی ئەو ڕێپێوانەیان بەچەواشەیی بڵاوکردەوەتەوە بۆ نموونە هەریەك لە ڕادیۆی نەوا و تەلەفزیۆنی زاگرۆس و ڕۆژنامەی ئاوێنە وایان بڵاوکردەوە کە گوایە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێگەیان بە ئێمە نەداوە بچنە بەردەم بارەگاکەیان، یان کەناڵی جەزیرە وای بڵاوکردەوە کە هەندێك لە کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە هەولێر بە دژی ئەو تۆپبارانەی تورکیا و ئێران خۆپیشاندانیان کردووە. دواتر تەلەفزیۆنی زاگرۆس و کەناڵی هەولێر وایان پیشاندا کە کە بەرەڤان حەمدی بەڕێوەبەری ئەو خۆپیشاندانە بووە و هیچ ئامارە بەدەقی ئەو یاداشتنامە و ووتاری کەپەینی ناڕەزایی نەکرا!

ئێمە لێرەوە وەکو کۆمیتەی کەمپەینی ناڕەزایی ڕایدەگەیەنین کە پێشتر قسەمان لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردبوو و ئەوانیش ڕەزامەندی خۆیان پیشاندابوو کە پێشوازیمان لێبکەن، دواتر ئەو کارە لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی کۆمیتەکەمان بە هاوکاری کۆمەڵێك لە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە 2007/8/28 دەستی پێکردبوو هاتەبوون، بۆیە ئیمە نیگەرانی خۆمان ڕادەگەیەنین و داوا لەو کەناڵانە دەکەین کە داوای لێبووردن بکەن بەرامبەر چەواشەکردنی ئەو ڕێپێوانە ئەو خەڵکەی لەو ڕێپێوانە بەشداربووە.

کۆمیتەی کەمپەینی نارەزایی
2007/9/9

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.